عێراق پێشنیاری بڕینی بەشە خۆراك لەو هاوڵاتییانەی كە مووچەكانیان ملیۆنێك و 500 هەزار دینار تێپەڕ دەكات

وەزارەتی بازرگانی عێراق، پێشنیارێكی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزكردووەتەوە، بۆ بڕینی بەشە خۆراك لەو هاوڵاتییانەی كە مووچەكانیان ملیۆنێك و 500 هەزار دینار تێپەڕ دەكات.

محەمەد حەنون، وتەبێژی وەزارەتی بازرگانی عێراق، بە ڕۆژنامەی سەباحی وتووە، "لەئێستادا ئەوەی مووچەی دوو ملیۆن دینار تێپەڕ بكات بەشە خۆراكەكەی دەبڕدرێت، لەگەڵ ئەندامانی ژووری بازرگانی و پیشەسازی و پزیشكی و دەرمانسازی و خاوەن كۆمپانیاكان".

ڕێكاری بڕینی بەشەخۆراك، بە وتەی محەمەد حەنون، "سێ ملیۆن و 132 هەزار هاوڵاتی گرتووەتەوە كە زیندانیان و كۆچكەران و ئەو كەسانەی لەخۆگرتووە، كە ناونووس نەكراون".

دەشڵێت، "حەوت ملیۆن هاوڵاتی سوودمەندن لە چاودێری كۆمەڵایەتی و هەموو مانگێكیش بەبێ دواكەوتن بەشە خۆراكیان بەسەردا دابەشدەكرێت".